سەرۆکوەزیران بەهادین: ناکرێت لێرەو بەکوردی قسەو بەغدا بڵێین و بەعەرەبی ستایشیان بکەین



سەرۆکوەزیران بەهادین، ئەمیندارگشتی یەکگرتوی ئیسلامی رایگەیاند، ناکرێت لێرەو بەکوردی قسەو بەغدا بڵێین و بەعەرەبی ستایشیان بکەین. دەشڵێت، لێژیکی نییەو لێرەو ستەم لەحزبەکەی تر بکەیت و بتەوێت لەبەغدا هاوده‌نگت بێت.

سەرۆکوەزیران بەهادین، ئەمیندارگشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، لەمیانی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی حزبەکەیدا وتەیەکی پشکەش کرد و لەبارەی ئاشتەوایی ناوخێی وتی"ناکرێت لێرەو شەڵمان بێت و لەبەغدا ئاشت بین، ئەمەو لێژیکی نییەو تو لێرەو ستەم لەهاوپاتییەکەت و لەحزبەکەی تر بکەیت، بتەوێت لەبەغدا هاوڕێو هاوده‌نگت بێت، ئەمەو هەر خێی تێکدانی بنەمای پێکەوەیی و تێکمەیی ناوخێییەو مەترسییەکی گەورەیەو ناکۆکی و دابەشبون دروست دەکات."

هەروەها وتیشی، ناکرێت لێرەو بەکوردی قسەو بەغدا بڵێین و بەعەرەبی ستایشیان بکەین، دەبێت دوربین لەهەر ئەجێندایەک کەعێراقی فیدرالی دەخاتەبەر مەترسی و کێشەی بۆ

دروست دەکات، چونکە دروست نییە تا سوێند ئەخێی کە دژی بیت بە عێراق، چێن خێت یان حزبەکەت پێچەوانەی ئەوە هەنگاو بنێت.

بەقسەی سەرۆکی پارتی سەرۆکی پارتی بەهادین، قەوارەی هەرێم بێ ئەوان "ستراتیژەو هێڵی سورە."

وتیشی"پەیەوکردنی ئیسلام بە رزگاریی گەل و میللەتی خۆمان دەزانین."

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی، باشوری کوردستان چەقی مەسەلە سیاسییەکانی کوردستانی گەورەیە. شکست لە هەرێمی کوردستان، رەنگدانەوەی خراپی لەسەر کوردانی بەشەکانی تری کوردستان دەبێت.